

زنجیرەی سەرخستنی

## پەیامبەری ئیسلام ﷺ

(١)

# لە مافەکانی
# پەیامبەری ئیسلام ﷺ
# لەسەر ئوممەتەکەی


وەرگێڕانی : دایکی سوننە

پێداچوونەوەی : عدنان بارام کەلاری

## له بڵاوكراوه‌كانی

## ماڵپه‌ڕی به‌هه‌شت و وه‌ڵامه‌كان

**ba8.org**

**walamakan.com**

بسم الله الرحمن الرحيم

بەڕاستی پەیامبەری خـوا ﷺ ڕەحمـەتێکی نێـردراوە ، وە نیعمـەتێکی بەخـشراوە ، کـە خـوای پـەروەردگار بەهۆیـەوە هیدایەتی داوین ، و لە زۆنگاوی تاریکی ـ بە گـشتی ـ دەری کردووین بۆ ڕووناکی ، و هەموو دەرگاکانی خۆش بەختی دونیا و دوا ڕۆژی لێکردووینەتەوە .

چونکە نرخ و بـەها و بـوونی ئێمـە ـ پـێش هـاتنی ئـەم خۆشەویـست و پەیامبـەری خـوا ﷺ و بـەبێ ئـەو ئـاین و شەریعەتەی ئەو ـ هیچ نەبوو ؟

خـوای پـه‌روه‌ردگار ده‌فـه‌رموێ : ﴿ لَقَدْ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مِنْ أَنْفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُمْ بِالْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ ﴾ ( التوبة : ١٢٨ ) ، وه‌ فه‌رمویه‌تی : ﴿ لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْ أَنْفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ ﴾ ( آل عمران : ١٦٤ ) .

ئای چ نیعمه‌تێكی گه‌وره‌یه‌ ناردنی په‌یامبه‌ری خوا ﷺ كه‌ خـوای گـه‌وره‌ منـه‌تمان به‌سـه‌ردا بكـات ، وه‌ چ فراوانـه‌ به‌خششه‌كانی خوا كه‌ په‌یامبه‌ر و په‌یامه‌كه‌ی بۆ ناردووین .

بێگومان په‌یامبه‌ری خوا ﷺ چـه‌نده‌ها مـافی زۆری به‌سـه‌ر ئوممه‌ته‌كه‌یه‌وه‌ هه‌یه‌ ، پێویسته‌ له‌سه‌ر موسڵمانان جێ به‌جێی بكه‌ن و پارێزگاری لـێ بكه‌ن ، وه‌ به‌ ئاگا بن له‌ له‌ده‌ستدانی ،

یان له كه‌مته‌رخه‌می تیّداكردنی ، **گرنگترین ئـه‌و مافانـه‌ش ئه‌مانه‌ن :**

## یه‌كه‌م : باوه‌ڕ پیّهیّنانی ﷺ :

بیّگومان یه‌كه‌م ماف له‌مافـه‌كانی په‌یامبـه‌ری خـوا ﷺ باوه‌ڕ پیّهیّنانیّتی ، و به ڕاست دانـانی په‌یامه‌كـه‌ی ، چـونكه هه‌ركه‌سیّك باوه‌ڕی نه‌بیّت به په‌یامبه‌ری خوا ﷺ ، و بـه‌وه‌ش كه كۆتای په‌یامبه‌رانه ـ سه‌لامی خوایان له‌سه‌ر بیّت ـ ئـه‌وا بیّبـاوه‌ڕه ، ئه‌گه‌رچـی بـاوه‌ڕی هـه‌بیّت بـه سـه‌رجه‌م ئـه‌و په‌یامبه‌رانه‌ی كه پـیّش ئـه‌و هـاتوون ، و باوه‌ڕنـه‌بوونیش بـه په‌یامبه‌ری خوا ﷺ بیّباوه‌ڕبوونه به خوای په‌روه‌ردگار و به درۆ دانانیه‌تی ، و نكـوڵی كردنـه لـه‌وه‌ی كـه خـوای پـه‌روه‌ردگار

دایبەزاندووه له كتێبه ئاسمانیه‌كان و ئـه‌و پەیامبەرانـه‌ی كـه ناردوونی .

قورئانی پیرۆزیش پـڕه لـه‌و ئایه‌تانـه‌ی كـه تێیـدا فـه‌رمان ده‌كرێت به باوه‌ڕهێنان به پەیامبەری خوا ﷺ ، و شوێن كه‌وتنی ، و وریـا كردنـه‌وه لـه لادان لـه ڕێگـه و پەیڕه‌وه‌كـه‌ی ، خـوای پەروه‌ردگار ده‌فه‌رموێ : ﴿ فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَالنُّورِ الَّذِي أَنْزَلْنَا وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴾ ( التغابن : ٨ ) ، وه ئه‌فه‌رموێ : ﴿ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُولَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ ﴾ ( الحجرات : ١٥ ) .

وە خوای پەروەردگار بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە باوەڕهێنان بە پەیامبەری خوا ﷺ لە هۆکارەکانی ڕزگاربوونە لە سزا ، هەروەك ئەفەرموێ : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى تِجَارَةٍ تُنْجِيكُمْ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾ ( الصف : ١٠ - ١١ ) .

وە هەروەها خوای باڵادەست و بڵند ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە کوفرکردن و باوەڕ نەبوون بە خوای پەروەردگار و بە پەیامبەر ﷺ و بە ئەو شتانەی کە پەیوەستن پێیانەوە لە هۆکارەکانی لەناوچوون و سزای سەختن ، ئەوەتا دەفەرموێ : ﴿ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ شَاقُّوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَمَنْ يُشَاقِقِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَإِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴾ ( الأنفال : ١٣ ) .

وە ئەفـــــەرمویّ : ﴿ اسْـتَغْفِرْ لَهُـمْ أَوْ لَا تَـسْتَغْفِرْ لَهُـمْ إِنْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ سَبْعِينَ مَرَّةً فَلَنْ يَغْفِرَ اللَّهُ لَهُمْ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَفَرُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ ﴾ ( التوبة : ٨ ) .

وە پەیامبەری خوا ﷺ هەواڵی ئەوەمان پیّ دەدات كە هەر كەسیّك گوێبیستی هاتنی ئەو بیّت و باوەڕ بە پەیامەكەی نەهیّنیّت ، ئەوا لە ئەهلی دۆزەخە ـ خوا پەنامان بدات ـ ، هەروەك فەرمویەتی : " وَالَّذِى نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لاَ يَسْمَعُ بِى أَحَدٌ مِنْ هَذِهِ الأُمَّةِ يَهُودِىٌّ وَلاَ نَصْرَانِىٌّ ثُمَّ يَمُوتُ وَلَمْ يُؤْمِنْ بِالَّذِى أُرْسِلْتُ بِهِ إِلاَّ كَانَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ " [ رواه مسلم ] ، واتە : سویّند بیّ بەو زاتەی كە گیانی محمدی بە دەستە : هیچ یەكیّك نیە كە لەم ئوممەتەدا گوێبیستی هەواڵی پەیامبەریّتی من ببیّت ، جولەكە بیّت و یان گاور ( خاچ پەرست ) و پاشان

بمرێت و باوەڕی نەهێنابێت بەوەی کە من پێی نێردراووم ئـیللا له ئەهلی دۆزەخ دەبێت .

ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە پەیامەکەی ﷺ بۆ خەڵکییە بە گشتی نەك بۆ تەنها گەڵێك بێت بۆ یەکێکی تر نەبێت .

هەروەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێ : ﴿ وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ ﴾ ( الأنبياء : ١٠٧ ) ، وە ئەفـــەرموێ : ﴿ وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ ( سبأ : ٢٨ ) .

*********

## دووه‌م : شوێنكه‌وتنی ﷺ :

به ڕاستی شوێنكه‌وتنی په‌یامبه‌ری خوا ﷺ به‌ڵگه‌ی به‌هێزه له‌سه‌ر حه‌قیقه‌ت و ڕاستی باوه‌ڕپێهێنانی ، كه‌وابوو هه‌ر كه‌سێك بانگێشی باوه‌ڕیهێنان به په‌یامبه‌ری خوا ﷺ و خۆشویستنی بكات ، كه‌چی ببینیت كه ئه‌و كه‌سه فه‌رمانه‌كانی جیٚ به جیٚ ناكه‌ن ، و واز ناهێنێت له‌وه‌ی كه قه‌ده‌غه‌كراوون و په‌یامبه‌ری خوا ﷺ یاساغی لێكردووه ، و شوێنی هیچ سوننه‌تێك له سوننه‌ته‌كانی ناكه‌وێت ، ئه‌وا ئه‌و جۆره كه‌سه درۆزنه له بانگێشی ئه‌وه‌ی كه بڕوای هێناوه به په‌یامبه‌ری خوا ﷺ ، چونكه باوه‌ڕهێنان ئه‌وه‌یه كه له دڵه‌كاندا جێگیر ده‌بێت ، و كرده‌وه‌كانیش به ڕاستی ده‌خاته‌وه و ده‌یسه‌لمێنن .

ئه‌وه‌تا خـوای بلّنـد و بالاّده‌ســت ئـه‌وه ڕوون ده‌كاتـه‌وه كـه به‌ڕاستی ڕه‌حمه‌تی به ده‌ست نایه‌ت ئیللا بـۆ شـوێنكه‌وتووان و ئه‌وانه‌ی كـه ملكه‌چـن بـۆ په‌یامبـه‌ری خـوا ﷺ ، هـه‌روه‌ك ئه‌فــه‌رموێ : ﴿ وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ فَسَأَكْتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَالَّذِينَ هُمْ بِآيَاتِنَا يُؤْمِنُونَ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الْأُمِّيَّ ﴾ ( الأعراف : ١٥٦ ـ ١٥٧) .

وه خوای په‌روه‌ردگار باوه‌ڕهێنان وشوێنكه‌وتنی له‌گه‌ڵ یه‌كدا كۆكردووه‌ته‌وه ، وله‌هۆكاره‌كانی ڕێنمـایی وســه‌رفرازی وگێـڕاوه ، هه‌روه‌ك ئه‌فه‌رموێ : ﴿ قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ يُحْيِي وَيُمِيتُ فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الْأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴾ ( الأعراف : ١٥٨ ) .

وە هەروەها خوای پەروەردگار هەڕەشەی توندی داوە لەوانەی كە پشتیان هەڵكردوە لە ڕێگە و ڕێچكەی پەیامبەری خوا ﷺ ، و سەرپێچی فەرمانی دەكەن بەوەی كە سزایەكی زۆر سەختیان بۆ هەیە ـ پەنا بەخوای پەروەردگار ـ ، هەروەك دەفەرموێ : ﴿ فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ ( النور : ٦٣ ) .

وە خوای پەروەردگار لەكاتی ( دووبەرەكی و ناكۆكی و جیاوازی ) ـدا فەرمان دەكات بە شوێنكەوتنی حوكمی پەیامبەری خوا ﷺ كە ئەمەش حوكمی خوای پەروەردگارە ، چونكە پەیامبەری خوا ﷺ لە هەوا و ئارەزووەوە قسەی نەكردووە ، خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي

شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا ﴾ ( النساء : ٥٩ ) .

وە تەنها ئەوەش بەس نیە كە كەسێك دادوەری بۆلا بەرێت ، كەچی لە ناخەوە و لەدڵەوە ڕقی لەو حوكمە بێت كە دەیدات و پێی ڕازی نەبیت ، بەڵكو پێویستە دڵ كاروە بێت بۆ ئەحكامەكانی و ملكەچیان بیت و تەسلیم بیت بۆ فەرمانی بە بێ ئەوەی هیچ نارەحەتییەكی لەم كارەدا هەبێت ، خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴾ ( النساء : ٦٥ ) .

پێــشەوا ( ابن القيم ) ـ ڕەحمــەتی خــوای لــێ بێــت ـ ئەفەرموێ : خوای پەروەردگار سوێند دەخوات بــە بــەڕێزترین شتێك كە سوێندی پێ دەخوات ، كە ئەوەش خۆیەتی ـ بەرز و بڵند تر بێت ـ ، لەسەر ئەوەی كە هیچ باوەڕێكیان بــۆ جــێگیر ناكات و لە ئەهلی ئیمان نایانژمێرێت ، تاكو پەیامبەری خوا ﷺ بەكەن بە دادوەر لە هەموو ئەو شتانەی كە دووبەرەكێیان دەبێ لەسەری لــە هــەموو بابەتــەكانی ئایینــدا ، ... وە تــەنها بەمەشەوە نەوەستاوە بەڵكو ســنگ فراوانــی و ڕازی بــوون بــە حوكمەكــەی داوەتــە پــاڵی ، لــە كاتێكــدا كــە نابێــت هــیچ ناڕەحەتییەكیش لە نەفسیاندا دروست بێت ـ كە ئەوەش سنگ تووند بوون تەنگیەتی ـ لە حوكمەكــەی ، بــەڵكو بــە ســنگ فراوانییەوە حوكمەكەی وەرگرن ، و بە تەســلیم بوونــەوە بــچن

بەڕووی حوكمەكەيەوە ، كەوابوو شوێنكەوتنی پەيامبەری خوا ﷺ پێويستە پەيوەست بكرێت و هاوپێك بێت لەگەڵ خۆشويستنيدا ، كە ئەمەش مافی سێيەمی خۆشەويستمانە ﷺ لەسەرمان .

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

## سێیه‌م : خۆشویستنی ﷺ :

به‌ڕاستی ئیمانداری ڕاسته‌قینه پێویسته له‌سه‌ری په‌یامبه‌ری خوای ﷺ خۆش بوێت له ناخ و په‌ڕه‌كانی دڵیه‌وه ، چونكه په‌یامبه‌ری خوا ﷺ هۆكاره له باوه‌ڕهێنانی ، و هۆكاره بۆ ڕزگاركردنی له ئاگری دۆزه‌خ ، و هۆكاری خۆشبه‌ختی دونیا و دواڕۆژێتی .

په‌یامبه‌ری خواش ﷺ گه‌وره‌یی پله و پایه و خۆشویستنی خۆی بۆ ڕوون ده‌كاته‌وه ، هه‌روه‌ك ده‌فه‌رموێ : **" لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ وَالِدِهِ وَوَلَدِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ "**

( متفق عليه ) .

کەوابوو هەر کەسێك پەیامبەری خوای ﷺ خۆش نەوێ ئیماندار نیە ، ئەگەرچی ناوی موسڵمان مانان لەخۆ بنات ، و لە نێوانیشیاندا بژێت ، بەڵکو ئەگەر پابەندیش بێت بە پەرەستشەکان و دروشمە ئیسلامیەکان .

وە پێویستە خۆشویستنی پەیامبەری خوا ﷺ بدرێت بەسەر خۆشویستنی هەموو خۆشەویستاندا جگە لە خوای باڵا دەست بەنبێت ، بەوەش خۆشویستنی گەوەتر و زیاتر دەبێت لە خۆشویستنی منداڵان و باوکان و دایکان ، بەڵکو دەبێت مرۆڤ لە خۆشی خۆشتر بوێت ، وە ئەمەش پلە و پایەیەکی گەورەیە جگە لەکەسانی خاوەن ئیمانێکی تەواو هەموو کەسێك پێی ناگات ، پێشەوا عومەری کوڕی ( خطاب ) رضي الله عنه بە پەیامبەری خوای ﷺ فەرمو : ئەی پەیامبەری خوا ﷺ تۆ

لە هەموو شتێك خۆشەویستتری لامدا جگە لە نەفسی خۆم نەبێت .

پەیامبەری خواش ﷺ فەرموی : " لا وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ ، حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْكَ مِنْ نَفْسِكَ " ، واتە : نەخێر بەو زاتەی کە نەفسی منی بەدەستە ، تاکو ئەوەی کە خۆشەویستتر بێت لاتدا لە نەفسی خۆشت .

عمر فەرموی رضي الله عنه : و اللە ئێستا تۆ لە خۆم خۆشەویستتری لە لامدا .

پەیامبەری خوا ﷺ فەرمووی : " الآنَ يَا عُمَر " ( رواه البخاري ) ، واتە : ئێستا ئەی عمر .

## پلەکانی خۆشویستنی پەیامبەری خوا ﷺ :

پێشەوا ( ابن رجب ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەفەرمێ :
(( خۆشویستنی پەیامبەری خوا ﷺ دوو پلەیە :

**یەکەمیان پێویستە** : ئەوەش ئەو خۆشویستنەیە کە خوازیاری وەرگرتن و قەبولکردنی ئەوە دەکات کە پەیامبەری خوا ﷺ هێناویەتی لەلای خوای پەروەردگارەوە ، لەگەڵ وەرگرتنی بە خۆشویستن و ڕازیبوون ، و بەگەورەزانین ، و تەسلیم بوونەوە ، وە بەگشتی داوا نەکردنی ڕێنمویی لە جگە لەڕێگە و ڕێچکەکەی ئەوەوە نەبێت ، پاشان جوانترین شوێنکەوتن بۆی لەوەی کە پێی ڕاگەیەنراوە لە پەروەردگارییەوە لە بە ڕاستدانانی لەهەموو ئەو شتانەی کە هەواڵی پێ داوە ، وە گوێڕایەڵی کردنی لە هەموو ئەو شتانەی کە فەرمان پێکردووە لە

واجباته‌كان و وازهێنان و دووركه‌وتنه‌وه له‌وانــه‌ی كــه یاســاغی لێكــردووه لــه هــه‌موو شــته حــه‌رام و قه‌ده‌غــه‌كراوه‌كان ، و سه‌رخــستنی ئایینه‌كــه‌ی ، و تێكۆشــان و به‌ره‌نگاربوونــه‌وه‌ی ئه‌وانه‌ی كــه پێــچه‌وانه‌ین بــه پــێ‌ی توانــا ، وه ئــه‌و توانایــه‌ش پێویسته ببێ ، وباوه‌ڕ ته‌واو نابێت به نه‌بوونی .

**پله‌ی دووه‌میش چاكه‌یه :** ئه‌مـه‌ش ئه‌و خۆشه‌ویستییه‌یه كه خوازیاری جوانی شوێنكه‌وتنیه‌تی ، وه بــه‌دیهێنانی ده‌ســتگرتنه به سوننه‌تییه‌وه له ڕه‌وشت و ئادابیدا ، و له ســوننه‌ته‌كانیدا ، و لــه خــواردن و خواردنــه‌وه‌ی ، و جــل و به‌رگیــدا ، و جــوان هه‌ڵسوكه‌وت كردن له‌گه‌ڵ خێزانه‌كانیدا ، و جگه له‌مانه‌ش لــه ئــاداب و هه‌ڵــسوكه‌وته تــه‌واوه‌كانی ، و ڕه‌وشــته پاكه‌كــه‌ی )) [ استنشاق نسيم الأنس : ص ٣٤ . ٣٥ ] ، **جا با بــزانین ئێمــه لــه**

كوێی خۆشویستنی ئەم پەیامبەرە مەزنەداین ﷺ ؟ وە ئێمە لە كوێی پێش خستنی خۆشەویستی ئەوداین بەسەر خۆشەویستی ئەهل و كەس و كار و و منداڵ و ماڵ و سامانماندایین ؟

خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ قُلْ إِنْ كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُمْ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ ﴾ ( التوبة : ٢٤ ) .

* * * * * * * * *

## چواره‌م : سه‌رخستنمان بۆی ﷺ :

وه ئـه‌وه‌ش لـه دووپـاتترین مـافێتی ﷺ بـه زینـدوێتی و مردوێتیشی ، سه‌باره‌ت به زیندوێتی له ژیانیـدا هاوه‌ڵـه‌كانی په‌یامبه‌ری خوا ﷺ به باشترین شـێوه بـه‌م كـاره هه‌سـتاون ، ئه‌وتا قه‌تاده‌ی كوڕی نوعمانه رضي الله عنه ئه‌فـه‌رموێ : كـه‌وانێكیان پێشكه‌ش كرا به په‌یامبه‌ری خوا ﷺ ، و په‌یامبـه‌ری خـواش ﷺ له ڕۆژی ئوحوددا به‌منی به‌خشی ، و منیش له‌به‌رده‌ستی په‌یامبه‌ری خوادا تیرم پێ ئه‌هاویشت ، تاكو لاكانی كه‌وانه‌كه باریـك بوویـه‌وه ، وه لـه جێگـه‌ی خۆمـدا لـه به‌رامبـه‌ر و ڕووبه‌ڕووی په‌یامبـه‌ری خـوادا ﷺ جێگه‌كـه‌م نه‌گۆڕیـه‌وه ، و به‌رده‌وام له شوێن خۆم مامه‌وه و تیریان به ڕوومـدا ده‌وه‌شـاند هه‌ركه تیرێك لای ده‌داوه لێی به‌ره‌و ڕووی په‌یامبه‌ری خـوا ﷺ سه‌رم لار ده‌كرده‌وه بۆ ئه‌وه‌ی ڕووی په‌یامبه‌ری خوا ﷺ بپارێزم .

وه ئەوەش حەسانی کوڕی سابتە رضي الله عنه کە بەرگری لە پەیامبەری خوا ﷺ دەکات ، تاوەکو وەسف و سەنایەکی جوانی بەدەست هێنا لە پەیامبەری خواوە کە پێی دەفەرمو : " اهْجُهُمْ وَ جِبْرِيْلُ مَعَكَ " [ متفق عليه ] ، واتە : بەرپەرچیان بدەوە بەهەجوکردیان ، جبریلیشت لە گەڵدایە .

پەیامبەری خوا ﷺ هانی هاوەڵانی دەدا لەسەر سەرخستنی لەبەرامبەر هاوەڵبڕیاردەران و دەیفەرمو : " مَنْ يَرُدُّهُمْ عَنَّا وَ لَهُ الْجَنَّة " [ رواه مسلم ] ، واتە : کێ دووریان دەخاتەوە لێمان ، بەهەشتی بۆ بێت .

وه سەبارەت بە بەرگریکردن لە پەیامبەری خوا ﷺ پاش کۆچکردنی : بە بەرگریکردن دەبێت لە سوننەتەکانی ، ئەگەر تانە و تەشەرلێدەران تانە و تەشەریان لێدا ، یان لە لایەن نەفامانەوە گۆڕێنرا ، یان ناڕەواکاران بە بەدەمیەوە شتیان هەڵواسی .

هەروەها بە بەرگریكردن دەبێت لە زاتی پیرۆز و خوودی پەیامبەر ﷺ ، ئەگەر كەسێك خراپەیەكی بەرامبەر كرد ، یان وەسفێكی كرد لایەق نەبوو بە پلە و پایەیەوە ﷺ ، بێگومان لەم سەردەمەشدا هێرشێكی دڕندانەی زۆری دەكرێتەسەر بۆ شێواندنی كەسایەتی و ئاكارەكانی ، بەهۆیانەوە تانە و تەشەر دەدەن لە نێردراوی ئیسلام ( محمد ) ـ علیه السلام ـ ، بۆیە پێویستە لەسەر ئوممەت بەگشتی ڕاپەڕن بۆ بەرگریكردن لە پەیامبەرەكەی بە هەموو ئەو هۆكارە بەهێز و ئامێرە زۆرانەی پەستان كە هەیەتی ، تاكو ئەو كەسانە دەست هەڵگرن لەو هێرشە ستەمكارانە چەپەڵەیەیان كە مەبەست لێیان ڕەواندنەوە و دوورخستنەوەی خەڵكی یە لە ئاینی ئیسلامی پیرۆز و لە موسڵمانان .

## پێنجەم : بڵاوكردنەوەی بانگەشەكەی ﷺ :

بەڕاستی لە وەفاداریێتی بەرامبەر بە پەیامبەری خـوا ﷺ ئەوەیە كە هەستین بە بڵاوكردنەوەی ئاینی ئیسلام و گەیاندنی بانگەشە لە هەموو شوێنێك ، ئـەوەتا پەیامبـەری خـوا ﷺ دەفـەرمـوێ : " بَلِّغُوا عَنِّي وَلَو آيَة " [ رواه البخاري ] ، واتـه : بگەیەنن لەمنەوە ئەگەر ئایەتێكیش بێت .

هەروەها ئەفەرموێ : " وَلَئِنْ يَهْدِي اللهُ بِكَ رَجُلاً وَاحِدَاً ، خَيْرٌ لَكَ مِنْ حُمْرِ الْنَّعَمِ " [ متفق عليه ] ، واته : ئەگـەر خـوای پەروەردگار بەهۆی تۆوە بە ڕینمویی و هیدایەتی كەسێك بدات ئەوا خێرتر و چاكەی باشترە بـۆت لـە باشـترین وشـتری ئـەو سەردەمە .

وه پەيامبەری خوا ﷺ هەواڵمان پێدەدات كـه : " مُكَاثِرٌ بِكُمُ الْأُمَمَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ " [ رواه أحمد و أصحاب السنن ] ، واتـه : ئوممەتەكەم پێتان زیاد دەبێت لە بەرامبەر ئوممەتانی تر كه جێ ی شانازی منه .

جا له هۆكاری زۆری ئوممەت ئەوەيـه كـه : هەڵدەسـتن بـه بانگەشەكردن بۆ لای خوای پەروەردگار ، دەرئەنجاميش هـاتنی كۆمەڵ بەكۆمەڵی خـەڵكێكی زۆر بـۆ نـاو ئاينەكـەی خـوای پەروەردگار ، خوای پەروەردگاريش ئەوەی ڕوون كردووەتـەوە كـه بانگەشـــەكردن بـــۆ لای خـــوا كـــاری پەيامبـــەران و شوێنكەوتووانيانه ، ئەوەتا دەفەرمێ : ﴿ قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي ﴾ ( يوسف : ١٠٨ ) .

وه هـەروەها ڕوونـی كردووەتـەوه كـه باشـترین گوفتـاره ، هـەروەك ئەفـەرموێ : ﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِمَّنْ دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ ﴾ ( فصلت : ٣٣ ) .

كەوابوو پێویسته لەسەر ئەم ئوممەتـه كـه پابەنـد بـن بـەو كارەی كه خوای بلّند و بالآدەست پێی ڕاسپاردن و بۆی ڕاپەڕیون : كـه ئـەویش بانگەشـەكردنه بـۆ لای خـوای پـەروەردگار ، و فەرمانكردنه به چاكه و یاساغی كردنه له خراپه ، به تایبـەت لەم سەردەمەدا كه دوژمنانی ئیسلام دەستیان كردووەته یەكـدا بۆ بەرامبەر بـەم ئوممەتـه ، بـه مەبەسـت و نیـازی تێكـدان و تەفروتوناكردنی ، ئەوەشـیان بـۆ نابێـت ـ بەپـشتیوانی خـوای پـەروەردگار ـ مادامـه ئـەم ئوممەتـه دەسـتی گرتـووه بـه بیروباوەڕكەیەوه ، و بانگەشه بۆ لای پەروەردگاری دەكات ، و بـه

رێـچكه‌ و رێبــازی په‌یامبه‌ركــه‌ی ﷺ رێگــای خــۆی روونــاك ده‌كاته‌وه‌ .

خــوای پــه‌روه‌ردگار ده‌فــه‌رمیٚ : ﴿ كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ ﴾

( ال عمران : ١١٠ ) .

* * * * * * * * *

## شەشەم : ڕێز لێگرتنی ﷺ :

هەروەها ئەمەش یەکێکی ترە لە مافەکانی پەیامبەری خوا ﷺ کە خەڵکێکی زۆر کەمتەرخەمن تیایدا ، ئەگەرچی خوای پەروەردگار دەفەرموێ : ﴿ إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ وَتُسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴾ ( الفتح : ٨ ـ ٩ ) .

پێشەوا سەعدی فەرموویەتی : (( پەیامبەری خوا ﷺ بە گەورە و مەزن بزانن و ڕێزی لێبگرن ، واتە : بە گەورە و مەزنی بزانن ، و بەرز و بڵندی ڕابگرن ، و بە مافەکانی هەستن ، هەروەکو چۆن میننەت و چاکەیەکی گەورەی هەیە لەسەر گەردنتان )) [ تفسير السعدي : ص ٧٣٦ ] .

بۆیه ده‌بینیت هاوه‌ڵانی په‌یامبه‌ری خوا ﷺ به گه‌وریان ده‌زانی و ڕێزیان لێ ده‌گرد و به شێوه‌یه‌كی زۆر مه‌زن به‌رز و بڵندیان ده‌زانی ، ئه‌وه‌بوو ئه‌گه‌ر په‌یامبه‌ری خوا ﷺ قسه‌ی بكردایه گوێبیستی ده‌بوون به شێوه‌یه‌ك كه سه‌ریان ده‌كرده خوار وه‌ك ئه‌وه‌ی بڵێیت باڵنده به‌سه‌ر سه‌ریانه‌وه بێت .

وه كاتێك كه خوای په‌روه‌ردگار ئه‌م ووته‌یه‌ی خۆی دابه‌زاند : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ وَلَا تَجْهَرُوا لَهُ بِالْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَنْ تَحْبَطَ أَعْمَالُكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تَشْعُرُونَ ﴾ ( الحجرات : ٢ ) ، پێشه‌وا ئه‌بو بكر رضي الله عنه فه‌رمووی : سوێند بێت به په‌ره‌ستراوم دوای ئه‌وه قسه‌ت له‌گه‌ڵا ناكه‌م ئیللا به‌چپه وبێ ده‌نگی نه‌بێت ، هه‌روه‌ها عومه‌ر و جگه له‌ویش له هاوه‌ڵان رضي الله عنهم ئه‌م كاره‌یان ئه‌نجام ده‌دا ، تاكو خوای گه‌وره

سه‌باره‌تیان ئه‌م ئایه‌ته‌ی دابه‌زاند : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ يَغُضُّونَ أَصْوَاتَهُمْ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ أُولَئِكَ الَّذِينَ امْتَحَنَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ لِلتَّقْوَى لَهُمْ مَغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ ﴾ ( الحجرات : ٣ ) .

وه سه‌باره‌ت به ڕێزلێگرتنی له پاش مردنی ﷺ ، به شوێن كه‌وتنی سوننه‌ته‌كانی ده‌بێت ، و به گه‌وره زانینی فه‌رمانه‌كانی ، و به وه‌رگرتنی حوكمه‌كانی ، و به ئه‌ده‌ب بوون به‌رامبه‌ر به گوفتاره‌كانی ، و پێچه‌وانه نه‌بوونه‌وه‌ی فه‌رمووده‌كانی بۆ هیچ ڕاوبۆچوونێك یان مه‌زهه‌بێك .

پێشه‌وا شافعی ـ به ڕه‌حمه‌ت بێت ـ ئه‌فه‌رموێ : هه‌موو موسڵمانان یه‌ك ده‌نگ و كۆڕان له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه هه‌ر كه‌سێك سوننه‌تێكی په‌یامبه‌ری خوای ﷺ بۆ ڕوون و ئاشكرابوو هیچ

كاتێك بۆی حه‌ڵاڵ نیه وازی لێبهێنێت بۆ ووته و قسه‌ی هیچ كه‌سێكی تر .

وه صه‌فوانی كوڕی سوله‌یم : كه باسی په‌یامبه‌ری خوای ﷺ لا بكرایه ده‌گریا و به‌رده‌وام ده‌گریا و وازی نه‌ده‌هێنا تاكو خه‌ڵكه‌كه له‌لای هه‌ڵده‌سان و به جێیان ده‌هێشت .

❊❊❊❊❊❊❊❊❊

## حه‌وته‌م : صه‌ڵاوات له‌سه‌ردانی ﷺ هه‌ركاتێك كه‌ ناو برا :

خوای په‌روه‌ردگار فه‌رمانی كردووه‌ به‌ ئیمانداران به‌ صه‌ڵاوات دان له‌سه‌ری و ده‌فه‌رموێ : ﴿ إِنَّ اللَّهَ وَمَلَائِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴾ ( الأحزاب : ٥٦ ) .

وه‌ په‌یامبه‌ری خوا ﷺ ده‌فه‌رموێ : " مَنْ صَلَّى عَلَيَّ وَاحِدَةً ، صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ بِهَا عَشْرَةً " [ رواه مسلم ] ، واته‌ : هه‌ر كه‌سێك یه‌ك صه‌ڵاواتم له‌سه‌ر بدات ئه‌وا خوای په‌روه‌ردگار به‌ هۆی ئه‌و صه‌ڵاواته‌وه‌ ده‌ صه‌ڵاواتی له‌سه‌ر ده‌دات .

وه‌ ئه‌فه‌رموێ : " رَغِمَ انْفُ رَجُلٍ ذُكِرْتُ عِنْدَهُ ، فَلَمْ يُصَلِّ عَلَيَّ " [ رواه مسلم ] ، واته‌ : لوتی به‌ خۆڵدا بچێت كه‌سێك كه‌ ناوی منی له‌ لادا ده‌هێنرێت و صه‌ڵاواتم له‌سه‌ر نه‌دات .

وه ده‌فـه‌رمـوێ : " إِنَّ أَوْلَى النَّاسِ بِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَكْثَرُهُمْ عَلَيَّ صَلاةً " [ رواه الترمذي وحسنه الالباني ] ، واتـه : بێگومـان ئه‌ولاترینی خه‌ڵك به من له‌ڕۆژی دواییـدا ئـه‌و كه‌ســه‌یه كـه زیاتر و زۆرتر صه‌ڵاواتم له‌سه‌ر ده‌دات .

بۆیه دوورلێبوونیه‌تی ئه‌و كه‌سه‌ی كـه گـوێی لـێ ده‌بێـت ناوی په‌یامبه‌ری خوای ﷺ ده‌بێت و پاشان ڕه‌زیلی بكـات لـه صه‌ڵاوات دان له‌سه‌ری ، پێشه‌وا ( ابن القيم ) لـه پـه‌رتوكی : ( جلاء الأفهام في الصلاة والسلام على خير الأنام ﷺ ) باسـی سـوودگه‌لێكی زۆری صـه‌ڵاوات دانـی كـردووه له‌ســه‌ر په‌یامبه‌ری خوا ﷺ ، بۆیه ده‌توانن بۆی بگه‌ڕێنه‌وه .

* * * * * * * * *

## هەشتەم : خۆش ویستن و پشتیوانی دۆستان و دژایەتی و ڕق لێبوونی دوژمنانی ﷺ :

ئەوەتا خوای پەروەردگار دەفەرموێ : ﴿ لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآَخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آَبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُمْ بِرُوحٍ مِنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُولَئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴾ ( المجادلة : ٢٢ ) .

هەروەها لە پشتگیری و دۆستایەتیدا : دۆستایەتی كردنی هاوەڵانی و خۆشەویستانیان و ڕێزلێگرتنیان و چاكەكاریە لەگەڵیاندا ، و ناسینی مافەكانیان ، و ستایش و وەصفكردنیان و چاولێكردنیان ، و داوای لێخۆشبوون بۆیان ،

و بێ ده‌نگ بوون له‌و ناكۆكیه‌ی كه له نێوانیاندا ڕوویانداوه ، و دژایه‌تی كردنی ئه‌وانه‌ی كه دژایه‌تیان ده‌كه‌ن یـان جنێویـان پێده‌ده‌ن یان تانه وقسه‌یان پێدكه‌ن ، وه ڕازی نه‌بوون و قـه‌بوڵ نه‌كردنی ئه‌وه‌ی كه باسی یه‌كێكیان بكرێ به خراپه ، بـه‌ڵكو ده‌بێـت تـه‌نها باسـی چـاكه كارییـه‌كانیان بكرێـت ، له‌گـه‌ڵ سه‌رگوزه‌شته ستایش لێكراوه‌كانیان ، و له‌گـه‌ڵ بێـده‌نگ لـه جگه له‌وانه .

وه هه‌روه‌ها یه‌كێكی تـر له‌وانـه : خـۆش ویـستنی ئـه‌هل و به‌یت و دۆستایه‌تی كردنیان و به‌رگری لێكردنیان ، و زیـادڕه‌وی نـه‌كردن لێیـان ، چـونكه زیـادڕه‌ویكردن لـه‌و كارانه‌یـه كـه په‌یامبه‌ری خوا ﷺ یاساغی لێكردووه .

وه یه‌كێكی تـر له‌وانـه : خۆشویـستنی زانایـانی ئـه‌هلی سوننه و پشتگیری كردنیان و دۆستایه‌تیان و دووركه‌وتنـه‌وه و وازهێنان له به‌كه‌م زانانینیان و تاوانباركردنیان ، و غه‌یبه‌ت و خـواردنی گۆشـتیان ، چـونكه گۆشـتی زانایـان ژهراویـه ، و هه‌ڵوێستی په‌روه‌ردگاریش به‌رامبه‌ر ئه‌نجامده‌رانی ئاشكرایه .

وه یه‌كێكی تر له دۆستایه‌تی كردنی په‌یامبه‌ری خـوا ﷺ : دژایه‌تی كردنی دوژمنـانێتی لـه بـێ بـاوه‌ڕان و دووره‌ووان و ئه‌هلی بیده‌ع ، و جگه له‌مانـه‌ش لـه كه‌سـانی گـومڕا ، لـه ئـه‌سمائی كـوڕی عبیـده‌وه كـه ده‌فـه‌رموێ : دوو پیـاو لـه شوێنكه‌وتوانی هه‌وا و ئاره‌زوو هاتن بۆ لای ابن سیرین و وتیان : (( یَا أَبَا بَكْر ! نُحَدِّثُكَ بِحَدِيْثٍ ؟ قَالَ : لا . قَالا : فَنَقْرَأُ عَلَيْكَ آيَةً مِنْ كِتَابِ اللهِ ؟ قَالَ : لا ، لَتَقُومَانِ عَنِّي أَوْ لأَقُومَنَّ ،

فَقَامَا وَ خَرَجَا )) ، واته : ئەی باوكی بەكر : با فەرموودەیەكت بۆ بگێڕینەوە ؟ ووتی : نەخێر . وتیان تەنها یەك ئایەت لە قورئانی پیرۆز بخوێنین بەسەرتدا ؟ ووتی : نەخێر ، هەڵدەستن لە لام یان هەڵسم لاتان ، ئەوانیش هەڵسان و ڕۆیشتن .

وە یەكێك لە شوێنكەوتوانی هەوا و ئارەزوو بە ئەیوبی ووت : (( أَسْأَلُكَ عَنْ كَلِمَةٍ ؟ فَوَلَّى عَنْهُ ، وَهُوَ يُشِيْرُ بِأُصْبُعِهِ : وَلا نِصْفُ كَلِمَةٍ )) ، واته : پرسیاری تەنها یەك ووشەت لێدەكەم ؟ ئەویش پشتی لێكرد و بە پەنجە ئاماژەی بۆ كرد كە نیو ووشەش نیە و نابێت .

هەموو ئەوەش لەبەر گەورە ڕاگرتنیان بوو بۆ سوننەتی پەیامبەری خوا ﷺ ، و دژایەتی بوو بۆ دوژمنانی .

داواکـارین لـە خـوای پـەروەردگار کـە بمـان گێرێـت لـە شوێنکەوتووانی ، و لەگەڵ تاقم و کۆمەڵی ئـەودا حەشـرمان بکات ، و پێچەوانەی ڕێگا و ڕێچکەی ئەومان نەکات .

* * * * * * * * *


لە بڵاوكراوەكانی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەكان

ba8.org
walamakan.com